

# گەورەیی مافەکانی منداڵ

ئەکرەم سەعید

گەورەیی منداڵ لەوەدایە کە هەموو بەرائەتێکی خودایی بە ئەو بەخشراوە و دیارییەکی قەشەنگی بێ وینەیە بۆ خانەوادەکان، هەمیشە واشکەوتۆتەوە کە هەر ئەو منداڵەیە دەبێتە نەوەیەکی بەکەڵکی دوارۆژ بۆ گەل و نیشتیمان، بۆیە هەر لەسەرەتای بوونیەوە پێویستی بەوە هەیە مافەکانی بپارێزرێ و ئەوەی لەکۆشی ئارامی باوانیەوە قابلیەتی بۆی برەخسێنێ و نازی منالێتی هەڵبگیرێ.. لەهەموو ئاینە ئاسمانیەکان بە ئاینی ئیسلامیشەوە قودسیەت بۆ ژیانی منداڵ دانراوە و دەستنیشانی ئەم بایەخە گرنگانەش کراوە کە منداڵی لەسەر پەروەردە دەکرێ..



دیارە ئەم ئەرکەش بە شێوەیەکی بنەرەتی دەگەڕێتەوە بۆ ناز و باوەشی دایک و باوک، چونکە بوونی خانەوادە باشترین دەزگایەک دەبێت بۆ پێگەیاندنی منداڵ و دەستنیشان کردنی چارەنووسی داهاتووی، بۆیە هەمیشە خێزان لەهەموو شوێنێک خۆشترە بۆ حەوانەوەو ژیان و خۆشەویستی و پەروەردەکردنەوە... لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

(وقل ربی ارحمهما كما ربيان صغيرا) هەر لەم پێودانگەشەوە دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە هیچ جیاوازییەک لە نێوانی منداڵدا نیە، کچ و کوڕ بەچاوێکی یەکسانیەوە سەیر دەکرێ و وەکو یەکتریش لەلای باوانەوە خۆشەویستە و لە کۆرپەیشەوە ژیانی پارێزراوە وەک لە



قورئانی پیرۆزدا هاتووە: (ولا تقتلوا اولادکم خشیە املاق نحن نرزقهم و أیاکم ان قتلهم کان خطئا کبیرا)..

لێرەوە جۆرێک لە هەستکردن و ویژدان بزواندن دێتە ئاراوە ئەویش پاراستنی مرۆڤایەتیە و بەمجۆرەش مرۆڤایەتی بەردەوام دەبێت، چونکە بەرێوەچوونی هەموو کاروکردنەوەکانی دونیا لەسەر دەستی منالّ گەورە دەبێ و بەرێوە دەچێ، کۆمەڵگاش ئەم تێروانینە دەست نیشان دەکات و لێپرسراوە لەبەرێوەچوونی چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ لە هەموو بوارەکاندا..

لەسەردەمی ئەمڕۆی منداڵانیش کە سەردەمێکی جەنجالّ و کێشە ئامێزە ئەم ئەرکە زێتر قورستر بۆتەوە و زەرورەتێکی زۆر گرنگە کە خانەوادەکان هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی منداڵ، چونکە زەمەن خێراتر بوە نەوەک ببێتە رەشەبایەک بە شێوەیەکی پێچەوانەوە چارەنوسی منداڵ دەستنیشان بکات و دووری بخاتەوە لەبەخشینی ئەم بەها راستودروستیەی کە کامەرانی بۆ خودی منداڵ و کۆمەڵگاکە دروست دەکات وەکو خودای گەورە دەفەرموێ: (یا ایها الذین امنوا قوا انفسکم واهلیکم نارا وقودها الناس والحجارە)..